ئەو شتانەی کە نەهیم لێتان کردووە لە سەر ئەنجامدانی؛ ئەوا ئەنجامی مەدەن، وئەو شتانەی فەرمانم پێکردوون؛ ئەوا بە گوێرەی تواناتان ئەنجامی بدەن، ئەو شتەی کە بووە هۆی تیاچوونی ئەوانەی پێش ئێوە بریتی بوو لە زۆری پرسیارکردن وناکۆکیان بەرامبەر پێغەمبەرەکانیان

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەو شتانەی کە نەهیم لێتان کردووە لە سەر ئەنجامدانی؛ ئەوا ئەنجامی مەدەن، وئەو شتانەی فەرمانم پێکردوون؛ ئەوا بە گوێرەی تواناتان ئەنجامی بدەن، ئەو شتەی کە بووە هۆی تیاچوونی ئەوانەی پێش ئێوە بریتی بوو لە زۆری پرسیارکردن وناکۆکیان بەرامبەر پێغەمبەرەکانیان».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنوێنی ئەوەی کردووین کە ئەگەر نەهی لێکردین لە ئەنجامدانی کردەوەیەک ئەوا دەستبەجێ پێویستە وازی لێبهێنین ولێی دووربکەوینەوە وئەگەر فەرمانی کردەوەیەکی پێکردین ئەوا پێویستە جێبەجێی بکەین بە گوێرەی تواناممان. وپاشان ئاگاداری کردینەوە کە وەکو ئومەتەکانی پێشووتر نەبین کاتێک پرسیاری زۆریان کرد لە پێغەمبەرانیان وناکۆک بوون بەرامبەریان ئەمە بووە هۆی ئەوەی خوای گەورە سزایان بدات بە هەموو جۆرەکانی سزا وەکو تیاچوون وکاول بوون بۆیە پێویستە ئێمە وەکو ئەوان نەبین بۆ ئەوەی تیا نەچین هەروەکو چۆن ئەوان تیاچوون.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4725